# نوێنەرانی کەمپینی نێونەتەوەیی گۆڕینی بەندی حەوتی دەستوور ، زیاتر لە چوار هەزار ئیمزا دەدەنە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم

ڕاپۆرت- شەمزینانی

سەر لەبەیانی ڕۆژی 2007/3/27 هەریەک لە (هۆزان مەحمود– ستیڤان شەمزینانی– سۆزان شەهاب) بەنوێنەرایەتی کەمپینی نێونەتەوەیی گۆڕینی بەندی حەوتی دەستووری هەرێمی کوردستان، سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی کەمپین بەلیژنەی نووسینەوەی دەستوور و هاوکات بۆ پێشکەشکردنی ئەو هاوپشتیوانیانەی لەو ڕاستایەدا بۆ گۆڕینی ئەو بەندە و جێگیرکردنی عەلمانیەت کۆکراونەتەوە لەلایەن کەمپینەوە.

شاندەکەی کەمپین لە پەرلەمان لەلایەن (فورسەت ئەحمەد) سەرۆکی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و (شیروان حەیدەری – تاریق جامباز – پەخشان زەنگەنە) و چەند ئەندامێکی تری لیژنەکەوە پێشوازییان لێکرا، لەسەرەتای کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکەدا (هۆزان مەحمود) باسی بیرۆکەی دروستبوونی کەمپینی کردو سەرنجی لیژنەکەشی ڕاکێشا بۆ گرنگی جێگیرکردنی عەلمانیەت و نەسەپاندنی دەستوورێکی ئاینی و ئیسلامی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا.



ڕێکخەری کەمپین لەدرێژەی قسەکانیدا وتی: ئێمە بەنوێنەرایەتی ژمارەیەکی بەرفراوان لە خەڵک هاتووینەتە ئێرە تا پێتان بڵێین زۆرینەی هاوڵاتیان دەستووری شەریعەتیان ناوێت و ژیانیان لەگەڵ عەلمانیەت گونجاندووە بۆیە ئەوە پێویستی گۆڕینی بەندی حەوتی هێناوەتە پێشەوە.

پاشان (هۆزان شەهاب) ئەندامی کەمپین و ئەندامی پەرلەمان، ئاماژەی بەوەدا: ئەم کەمپینە کارناکات بۆ داژایەتیکردنی ئاین بەڵکو میحوەری کارکردنی تەرخانکردووە بۆ جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت لەیەکتر، هەر لەم پێناوەدا ئامادەیە کاری جیدیی ترو فراوانتر بکات چ لەسەر ئاستی دەستەبژێر چ لەسەر ئاستی جەماوەریی و میللی.

ئەوجا (ستیڤان شەمزینانی) وتەبێژی کەمپین، دوای هێماکردن بۆ گرنگی عەلمانیەت و مەبەستی سەرەکی کەمپین و ئەهمیەتی هەڵبژاردنی ئەو ماددەیە تا بگۆڕێت، تیشکی خستە سەر ئەو کارو چالاکییانەی لەو ڕاستیەدا کراوە بەتایبەتی لە ناوەوەی وڵات.



پاشان ئاماژەیکرد بۆ ئەو ڕاپرسییە سنووردارەی کەمپین لە کوردستان پێی هەستاوە و تیایدا عەلمانیەت 54% دەنگەکانی مسۆگەر کردووە لەئاستی جەماوەریدا، ئەوجا وتی: ئەگەر ڕاگەیاندنەکان یارمەتیمان بدەن تا دەنگی خۆمان بگەیەنین کێرڤەکە زیاتر بەرز دەبێتەوە و ڕێژەکە دەچێتە 75% نەک بەپێچەوانە، بۆیە عەلمانیەت خواستێکی پێچەوانەی ویستی خەڵک نییە.

لای خۆیەوە (فورسەت ئەحمەد) سەرۆکی لیژنەی نوسینەوەی دەستوور وێڕای دەستخۆشی کردن لەکاری کەمپینەکە، هێمای بۆ ئەوەکرد، کە ئەوان وەک لیژنەی نوسینەوەی دەستوور کۆکن لەگەڵ داخوازیی و ڕوانینەکانی ڕێکخەرانی کەمپین و ئاماژەشی بەوەدا، کە ئەوان تەنیا لایەنێکی دەسەڵاتی یاسادانانن، بۆیە ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شانیان ئامادەن بیکەن و پێشوازیی لێدەکەن، بۆیە پێشنیاری کرد کە فشار بخرێتە سەر پەرلەمان و دەسەڵاتی سیاسی کە ئەوانیش هاودەنگ بن تا ئەوان بتوانن بیَ گیروگرفت ئەو بەندە بگۆڕن.

پاشان بەڕێزیان وتیان: ئێمە بەڵێنی ئەوەتان پێدەدەین دەنگی ئێوە بگەیەنینە ناو پەرلەمان و لەگەڵیشیدا داکۆکی لەپەیامەکەتان بکەین، بەڵام وتیشی: بڕیاری کۆتایی لەلای ئێمە نییە بۆیە وای بەچاکزانی کاری زیاتر بکرێت کە لەئاستی جەماوەریشدا عەلمانیەت ببێتە خواستێک.

ئەو وتی: پەرلەمان و دەسەڵاتی سیاسی و ریفراندۆم شتەکان حەسم دەکەن بۆیە ئەرکی کەمپین ئەوەیە کار لەو ڕاستایەدا بکات.

داواشی لەستافی کەمپین کرد کە تێگەیشتنء ئامانجی خۆیان بۆ خەڵک زیاتر ڕوون بکەنەوە تا ڕەوتە ئیسلامییەکان ئەم کارو چالاکییە وەک چەکێک لەدژی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بەکارنەهێنن.

لەدواتر سەرۆکی لیژنەی نوسینەوەی دەستوور وتی: ئێمە هەموو ڕاو پێشنیارەکانتان بەهەند وەردەگرین و هەنگاو دەنێین بۆ گۆڕان هەروەک پێشتر هەندێک گۆڕانمان کردووە، یەکێک لەوانە چەسپاندنی بەندێکە لە دەستووردا کە ڕەوایی دەدات بەوەی هەر مرۆڤێک ئازادە هەر ئاین و باوەڕێک هەڵدەبژێرێت.

بەڕێزیان وتیان: ئێمە وەک ستافی نوسینەوەی دەستوور لەگەڵتان کۆکین و ئەوەی لەدەسەڵاتی ئێمەدا بێت

ئامادەین، بەڵام وەک پێشتر وتم دەبێت ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارانی سیاسی بەتایبەتی تاڵەبانی و بارزانی بەدەست بهێنن، ئەگەرنا ئێمە وەک ئەم لیژنەیە دەسەڵاتی لەسەدا سەدمان نییە.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا (هۆزان مەحمود) لیستی ئەو ئیمزا و هاوپشتیوانیانەی تەسلیم بە لیژنەی نوسینەوەی دەستوورکرد کە لەلایەن ستافی کەمپینەوە کۆکرابووەوە لەناو ڕێکخراوە جیهانی و لۆکاڵی و کەسایەتییە رۆشنبیریی و بەرجەستەکاندا لەناوەوە و دەرەوەی وڵات.

دواتریش هەر لەناو تەلاری پەرلەمان، ستافی کەمپین کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیان سازدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە ژمارەیەکی بەرچاو لەکەناڵە لۆکاڵییەکان ئامادەبوون لەوانە (سەتەلایتی کوردستان-کەناڵی ئاسمانی کوردسات- ڕادیۆی زاگرۆس-تەلەفزیۆنی کۆمەڵ- ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئازادیی-ئاژانسی هەواڵی دیجلە- ئاژانسی پەیامنێر-ماڵپەڕی کوردستان فۆرنیوز-رۆژنامەی هاوڵاتی-رۆژنامەی میدیا-رۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت-رۆژنامەی جەماوەر-رۆژنامەی ئاڵای ئازادی-رۆژنامەی نێوەند- رۆژنامەی ئاڵا..... هتد).

لەسەرەتای پرێس کۆنفرانسەکەدا (سۆزان شەهاب) باسی بیرۆکە و کاری کەمپینەکەی بۆ رۆژنامەنووسان کردو ئاماژەی بەوەدا کە عەلمانیەت خواستێکە ناتوانین وازیلێبێنین و ئەمرۆش ئێمە بۆ ئەوە هاتووین بۆ ئێرە، پاش وتەی کردنەوەی کۆنفرانسە رۆژنامەنووسییەکە هەریەک لە (ستیڤان شەمزینانی-هۆزان مەحمود) وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسانیان دایەوە.

-هۆزان مەحمود لەوەڵامی پرسیارێکدا وتی: من کۆبوونەوەکەی ئەمرۆ بە سەرکەوتوو دەزانم و پێموایە هەنگاوەکە دڵخۆشکەرە و ئێمەش لەسەر کارەکانمان لەسەر ئاستی لۆکاڵ و نێونەتەوەیی بەردەوام دەبین تا ئەو کاتەی دەستووری کوردستان دەکەینە دەستوورێکی سیکۆلارو مەدەنی.

ستیڤان شەمزینانی- لەوەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسێکدا وتی: ئەگەر ئەم بەندە گۆڕا ئەوە کەمپین سەرکەوتووە، خۆ ئەگەرنا ئێمە لەئاستێکی فراوان و بەربڵاوترو بەگوڕو تینێکی

زیاترەوە کاردەکەین تا ئەو کاتەی فشارێکی کاریگەر لەسەر دەسەلاتی سیاسی دروست دەکەین بۆ چاوگێڕانەوە بەدەستووردا.

لەدواتردا (هۆزان مەحمود – ستیڤان شەمزینانی) بەتێروتەسەلی وەلامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانیان دایەوە کە پابەندبوون بەگرنگی عەلمانیەت و شێوەی کارەکانی کەمپین و هەنگاوەکانی داهاتوو.



بەمجۆرە کۆبوونەوە ڕۆژنامەنووسییەکە کۆتایی هات و ستافی کەمپین تەلاری پەرلەمانیان بەجێهێشت. شیاوی باسکردنە لەرۆژانی 24/25/26-3-2007 هەریەک لە (ستیڤان شەمزینانی- هۆزان مەحمود) لەشاری سلێمانی چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا ئەویش لەپەیوەندیی کردن بەرۆشنبیران و کەناڵەکانی میدیاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

هەر لەو چەند رۆژەشدا هەریەک لە (هۆزان – ستیڤان) چەندین دیمانەی هاوبەشیان سازکرد لەگەڵ میدیاکانی کوردستان، لەوانە ئینتەرڤیو لەگەڵ (ماڵپەڕی ڕێنسانس-تەلەفزیۆنی ئازادی-تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان-ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی-ڕۆژنامەی هاولاتی-ڕۆژنامەی نێوەند-ڕۆژنامەی ئالا).

جێگەی ئاماژەپێدانە کەمپینی گۆڕینی بەندی حەوت لەکارەکانی بەردەوام دەبێت و هەوڵی چڕو پڕتر دەدات لەئاستی لۆکاڵی و نێونەتەوەیی بۆ گۆڕینی ئەو بەندەی دەستووری هەرێم و جێگیرکردنی تێزە عەلمانییەکان لەجێگەیدا.

Shamzini79@hotmail.com

2007/3/30